کۆسرەت ڕەسول: ساڵیادی ئازادکردنی کەرکوك و سەری ساڵی نوێی کوردی لەهەمو لایەك پیرۆز دەکەم

کۆسرەت ڕەسول عەلی لەپەیامێکدا لە ساڵیادی ئازادکردنی کەرکوك و نەورۆز رایدەگەیەنێت، 34 ساڵ لەمەوبەر لە قۆناغی هەوڵدەرەوە و ژمارەیەك لە هەڤاڵانمان لە قۆناغی سلێمانییەوە بەرەو کەرکوك بەڕێکەوتین و کەرکوکمان لەرژێمی بەعس پاککردەوە و بە هەمو جیهانمان سەلماندەوە کە کەرکوك کوردستانیە و دەشێت، "هیچ دوژمن و داگیرکەرێك نەیتوانیوە و ناتوانێت کەرکوك لەکوردستان دابڕێت".

کۆسرەت ڕەسول عەلی لەپەیامێکدا بڕاویکردەوە، "ساڵیادی ئازادکردنی شاری کەرکوك و هاتنەوەی سەری ساڵی تازەی کوردی لە تەواوی کوردستانیان بەگشتی و خەڵکی تێکۆشەرو قارەمانی کەرکوك پیرۆز دەکەم و درود و سڵاو دەنێرم بە گیانی پاکی شەهیدان و تێکۆشەرانی گەلەکەمان".

ئاماژەی بەوەشکردوە، "34 ساڵ لەمەوبەر، ئەوکاتەی هێزە کوردستانییەکان و ڕێکخستنە نهێنییەکان و شانە چەکدارەکان بەپشتیوانی و پاڵپشتی تەواوی خەڵکی کوردستان لەدژی ڕژێمی بەعس ڕاپەڕین و سەرجەم و شارو شارۆچکەکانی کوردستان ئازادکرا، بە پلان و بەرنامەیەکی

تەکمەوە پلانی ئازادکردنی کەرکوکمان داشت، ئەمە لە قۆناغی هەولێرەوە و ژمارەیەك لە هەڤاڵانمان لە قۆناغی سلێمانییەوە بەرەو کەرکوك بەڕێکەوتین و بە بەشداری خەڵکی تەکشەرو کۆنەدەری کەرکوك لە یەکەم ڕۆژی نەورۆزی ساڵی 1991 بە خوێنی شەهیدی سەرکردە شەهید عەبدوڵڵەزاق و پێڵك شەهیدی دیکەی قارەمان شاری کەرکوکمان لەرژێمی بەعس پاککردەوە و بە هەموو جیهانمان سەلماندەوە کە کەرکوك کوردستانیە و لەگەڵ سەرجەم شار و شارۆچکەکانی دیکەی کوردستان دژی بەعس ڕاپەڕی و بەرگی ئازادی پێشی".

کۆسرەت رەسوڵ عەلی دەشێت، "لەدوای 34 ساڵ، بەهەمان ڕێحیەتی جارانەوە، بە دەنگێکی دڵێری کوردانەوە دەڵێین بەڕێ کەرکوك کوردستانیە و سەری کوردستانە، شاری پێکەوەژیانی نێوان نەتەوە و پێکهاتەو ئایینە جیاوازەکانە، هیچ دوژمن و داگیرکەرێك نەیتوانیوە و ناتوانێت کەرکوك لەکوردستان دابڕێت، بڵیە ئەرکە لەسەر سەرجەم هێزو لایەنە سیاسییەکان لە دەرەوەی حزبایەتی وەك مەسەلەیەکی نەتەوەیی لەکەرکوك بڕوانن و خزمەتی بکەن".

ئاماژەی بەوەشکردوە، "جارێکی تر ساڵیادی ئازادکردنی کەرکوك و سەری ساڵی نوێی کوردی لەهەمو لایەك پیرۆز دەکەم و سەری ڕێزو نەوازش بە سەرجەم شەهیدانی ڕێگای رزگاری کوردستان دادەنوێنین".